# لەکاتی ڕێپێوان و کۆبوونەوەکاندا، تەنیا سوکایەتی بە ڕۆژنامەوانان دەکرێ

ماوەیەکە هەولێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەوان و ئەوانەی دەیانەوێ ڕومالّی ڕووداوەکان بکەن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەلایەن پۆلیس و ئاسایشەوە هێرشیان دەکرێتەسەر، سوکایەتیان پێدەکرێ، بەبێ هۆی ڕاپێچی بنکەی پۆلیس و ئاسایش دەکرێن، پێداویستیەکانی ڕۆژنامەوانیان لێ دەشکێندرێ، بەڵام هەرکات هێزەکانی ناوەخۆ ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکەنەوە، بەرپرسەکانیشیان بەڵێنی بەدواداچوون دەدەن.

وێڕای ئەوەی کە ڕۆژنامەوانی پیشەیێکی شەرافەتمەندانەیەو بە ویژدانی کۆمەڵگە ناسێندراوە، بەڵام لە باشووری کوردستاندا، هەردوولایەنی ڕۆژنامەوانان و هێزەکانی ناوەخۆ (پۆلیس و ئاسایس) یەکتر تۆمەتبار دەکەن. ڕۆژنامەوانان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەکاتی بەئەنجامگەیاندنی ئەرکەکانیاندا ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماردان دەبنەوە، سوکایەتیان پێدەکرێ. هەرچی هێزەکانی پۆلیس و ئاساییشن، دەڵێن: ئەوان ئەرکی پاراستی سەروگیانی خەڵکیان لە ئەستۆ دایە، ئەرکی ئەوانە ڕێ لەو ڕێپێوان و خۆپێشاندانانە بگرن کە بەبێ مۆڵەت ئەنجام دەدرێن، چوونکە ئەوانەی بەبێ مۆڵەت خەڵک کۆدەکەنەوەو شەقامەکان ئاڵۆز دەکەن، هەست بە هێمنایەتی و ئاسایشی شارو سەلامەتی گیانی خەڵک ناکەن، بۆیە لەوکاتانەدا ئەرکی ئێمەیە کە ڕێ لە گێرەشێوێنان بگرین و ڕێ نەدەین کە پشێوی و نائارامی شارەکان بتەنێتەوە.

کێشەی نێوان ڕۆژنامەوانان لەگەڵ هێزەکانی ناوەخۆ (پۆلیس و ئاسایش) پێشینەی مێژووی هەیە، نەک تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا بەڵکو لەهەموو وڵاتانی جیهاندا، بۆیە قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە شتێکی نوێ نیە، تەنیا سەرنج و ڕاکێشانی چاوی بەرپرسان و خەڵکەکەیە بۆسەر ئەو کێشەیەی کەبەردەوامی پێدەدرێ، لەنێو کۆمەڵی کوردستانیشدا درێژەی هەیە.

ڕاستیەکەشی، ئەرکی ڕۆژنامەوان و هەواڵنێرانە کە زانیاری لەسەر ڕووداوەکان کۆ بکەنەوەو بەو مەڵبەندەی بدەن کە کاری تێدا دەکەن، هەروەها ئەرکی هێزەکانی ناوەخۆشە کە هێمنایەتی و ئاسایشی وڵات بپارێزن و داکۆکی لەسەرو گیانی خەڵک بکەن، بەڵام ئایا بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکانە هەروا بەسوک و هاسانی بەئەنجام دەگەن؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، نەک هەر بە نەخێر تەواو نابێ، بەڵکو لێکدانەوەی زیاتر هەڵدەگرێ، هەر ئەمەش وایکردوە کە ڕۆژانە دەیان ڕۆژنامەوان و هەواڵنێر لەسەرتاسەری جیهاندا دووچاری مەرگ بکرێنەوە، هەڕەشەیان لێبکرێ و سوکایەتیان بکرێ.

ئێمە هیواخوازین کە هێزەکانی ناوەخۆ، واتە پۆلیس و ئاسایش وێڕای بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆیان، بەچاوی هاونیشتمانی لە هەواڵنێرو ڕۆژنامەوانان بڕوان، بەوهۆیەوە نەک هەر ئەرکی خۆیان کە پاراستنی سەروگیانی خەلکە جێبەجێ دەکەن، بەڵکو ڕەوشێکی ئارامتر دەخوڵقێنن، بەوهۆیەوە پارێزگاری لە گیانی مرۆڤەکان دەکەن و ڕەوشێکی ئارام و هێمتر بۆ وڵات مسۆگەر دەکەن.

زۆرجاران دەگوترێ کە هیچ ناحەزی، ململانێ و دوژمنایەتی لەنێوان ڕۆژنامەوانان و هێزەکانی ناوەخۆدا نیە. بەڵام سیستەمی بەڕێوەبردن و شێوازی کارکردن وایکردوە کە ئەو دوانە بەردەوام لە کێشەکێش و مشتومڕ دابن.

## سەنتەری میترۆ: لە هەولێرو سلێمانی پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوس دەکرێت

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لەڕۆژنامەنووسان، ئیدانەی دەستگیرکردن و هێرشکردنە سەر 9 ڕۆژنامەنوس لە سلێمانی و هەولێر دەکات، داوادەکات داواکاری گشتی هەرێم بەهەمان گرنگی هەندێک کەیسی ڕۆژنامەنوسی، کەیسی پێشێلکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی بجوڵێنێت.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجەممە ڕێککەوتی 13ی ئایار کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوس لەکاتی ڕومالّکردنی هەواڵی کۆبونەوەیەکی هەندێک ڕێکخراوی سیاسی، کە بۆ ئیدانەکردنی لەسێدارەدانی لاوانی کوردی ئێرانی لەناوەندی شاری سلێمانی(سەرا) کۆبوبونەوە، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سلێمانیەوە هێرشیانکرایە سەریان و دەستگیراکران و کامێراکانیان دەستی بەسەرداگیرا.

ڕێکخەری سەنتەری میترۆ سەردانی شوێنی ڕووداوەکەی کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، چەند شایەتحاڵێک لە بەشداربوانی ئەو کۆبونەوەیەوە و چەند ڕۆژنامەنوسێک جەختیانکردەوە "هێزەکانی ئاسایش هەر کەسێکیان دەستگیردەکرد کەوێنەی بگرتایە

ئارام کەریم، پەیامنێری کوردستانی نوێ، بەسەنتەری میترۆی ڕاگەیاند بەر لەوەی دەست بکەم بە وێنەگرتن دەستگیرکرام و کامێراکەیان لێسەندم و بردمیان بۆ ئاسایش وتی" پییێم وتن بمکوژن و کامێراکەم مەبەن بەڵام سودی نەبوو.

شکار موعتەسەم زاهیر، پەیامنێری سایتی سبەی، بە سەنتەری میترۆی ڕاگەیاند کەلەلایەن چەند چەکدارێکی ئاسایشەوە هێرشی کراوەتەسەر. وتی " بە شەقو زللەو قسەی ناشیرین کرامە ناو سەیارەی ئاسایش و زیاتر لە کاتژمێرێک لە بەڕێوەبەرێتیی دەستبەسەر بوم، پاشان ئازاد کرام.

ئازا ئەحمەد، فۆتگرافەری فریلانس، بە سەنتەری میترۆی ووت" بەزۆر کامێراکەیان لێسەندم و پاش کاتژمێرێک لە ئاسایش وەرمگرتەوە.

ئاکۆ مەجید، پەیامنێری گۆڤاری هاودەم، بە سەنتەری میترۆی ڕاگەیاند لەکاتێکدا کە ئاسایش ویستی کۆبونەوەکە بڵاوە پێبکات ئێمە سەرقاڵی کاری خۆمان بوین بۆ ڕومالّکردنی هەواڵەکە، کاتێک هێرشیان کردە سەرم، وتی": بە زۆر کرامە ناو سەیارەکەی ئاسایش پاشان لە ئاسایش ئازدیان کردم"، جەختیکردەوە ":کارمەندێکی ئاسایش قسەی ناشیرینی پێوتین.

فەریق فەرەج پەیامنێری ڕۆژنامەی چەتر بە سەنتەری میترۆی وت: 'ئاسایش بێ ئەوەی بڵێن کێیت و چی ئەکەی لێرە؟ جانتاکەیان بردم و وتیان وەرە لە ئاسایش وەریبگرەوە' جەختیکردەوە: ؛پاش سەعات و نیوێک چوم وەرمگرتەوە، بەڵام شوێنی میمۆرێکەیان شکاندوە.

سیروان ئەحمەدی فۆتۆگرافەر بە سەنتەری میترۆی وت: 'لە ژێر وێنەکەی شێخ مەحمودەوە تا سەرجادەکە بەشەق و قسەی ناشیرین برمیان بۆ نا سەیارەکەی ئاسایش " وتیشی: ' سوکایەتی زۆرم پێکراو بردمیان بۆ یاریدەدەرێتی ئاسایشی سلێمانی و لەوێ بە کەفالەتی سەرنوسەرەکەم ئازاد کرام.

سەبارەت بە پیێشێلکاریانە، سەنتەری میترۆ پەیوەندیکرد بە حاکم قادر حەمە جان ،بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم، وتی:' چالاکییەکە مۆڵەتی نەبووە'، وتیشی کە کار دەکات بۆ بەدواداچونی ئەو کێشەیە.

ڕۆژی دووشەمەی ڕابردویش لەکاتی خۆپیشاندانی ڕۆژنامەنوسان و قوتابیان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان کە بۆ ئیدانەی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان ڕێکخرا بوو، هێرش دەکرێتە سەر هەردوو ڕۆژنامەنوس نیاز عەبدوڵاو ڕێبین فەتاح..

بەپێی یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی هەرێمی کوردستان، ڕۆژنامەنوسان مافی ئامادەبوونیان لە چالاکییە گشتییەکاندا هەیەو"هەرکەسێک بەهۆی کارەکەیەوە سوکایەتی بە ڕۆژنامەنوس بکات، یان دەستدرێژی بکاتەسەر، ئەوا هەمان ئەو سزایە دەیگرێتەوە کە بۆ دەستدرێژیکردنەسەر فەرمانبەرێک لە کاتی یان بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکەکانی دانراوە.

نیاز عەبدولا بەرپرسی بەرنامەکانی ڕادیۆی نەوا لە هەولێر بە سەنتەری میترۆی ڕاگەیاند" کۆمەڵێک لە پاسەوانەکانی پەرلەمان سوکایەتیان پێکردین و قسەی ناشیرینیان پێوتین، هێرشیان کردە سەرمان.

ریبین فەتاح بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بە سەنتەری میترۆی ووت:' لەبەردەم کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمان جوێنیان پێدام و پاسەوان و ئاسایشەکان لێیاندام'، وتیشی:' پێشتریش لە ڕێگەی مۆبایلەوە نامەی هەڕەشەیان بۆ ناردوم.

هەوەها هەڵگورد سەمەد، ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری لڤین دانیشتوی شاری هەولێر، ئیحسانی مەلا فوئاد، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوێنە لە شاری کفری بە جیا سەنتەری میترۆیان ئاگادار کرد، کە "بە نامە هەڕەشەیان بۆ نێردراوە.

لەمبارەیەوە، سەنتەری میترۆ ڕایدەگەیەنێ؛ ئیدانەی ئەو هەڕەشەو هێرشانە دەکەین، پێمانوایە کە هیچ پاساوێک نییە بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەنووسان و دەستبەسەرداگرتنی کەرەستەی کاری ڕۆژنامەنووسییان، داواشدەکەین داواکاری گشتی هەرێم بە هەمان گرنگی هەندێ کەیسی ڕۆژنامەنوسی، کەیسی پێشێلکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنوسی بجوڵێنێت.

# کاتێک کار دەگاتە درۆو دەلەسەکردن بۆ بەزۆر سەپاندنی بیری غەیبی

لەماڵپەڕی fosta.net دا هەواڵی دەرهێنانی سێ کۆرپەلەی نەبەکامی نێر لەسکی منداڵێکی تەمەن چوار ڕۆژیدا بڵاوکراوەتەوە، کەپزیشکێکی ئەردەنی لە شاری پزیشکی حسین ئەنجامیداوە. ئەو پزیشکەش کەناوی ناجح العمریەئەڵێت ئەم کارەمان کارێکی زۆر دەگمەن و ئاڵۆز بوەو دوای نەشتەرگەریەکەبۆمان دەرکەوتوەکەئەو منداڵەی دوای بونی ناوینرا (ریان ) ئەم سێ کۆرپەلەنەبەکامەی لەسکی خۆیدا هەڵگرتوەبەدرێژایی بونی لەسکی دایکیاو تا ڕۆژی نەشتەرگەریەکەلەتەمەنی چوار ڕۆژیدا .

دکتۆر ناجح لەدوای ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکەوتویەتی کەدایکی ریان لەکاتی دووگیانیدا لەبارێکی ئاساییدا بوەو هیچ دەرمانێکی قەدەغەکراوی وەرنەگرتوەلەو ماوەیەدا ، بەڵام ئەو ئاوساویەی سکی منداڵەکەوایلێکردین کەناچاربین بەنەشتەرگەری ( قەیسەری ) منداڵەکەلەسکی دایکی دەربهێنین و ئەو نەشتەرگەریەش کەبۆ منداڵەکەکردمان دوای چوار ڕۆژ لەدایکبونی دەریخست کەسێ کۆرپەلەی نەبەکامی لەسکدایە.

دکتۆر ناجح العمری وتی کەبونی کۆرپەلەی نەبەکاملەناو سکی مەلۆتکەیێەکی دیکەدا دیاردەیێەکەرویداوەلەمەوبەر لەجیهاندا ، بەڵام ئەوەی کەسەرنج ڕاکێشەر بوەئەوەیەکەسێ کۆرپەلەکەلەسکی یەک مەلۆتکەدا بێت کەئەمەش دیاردەیێەکەتا ئێستا روینەداوەو تۆمار نەکراوە.

ئەوەی کەلێرەدا سەرنجراکێشەرەهەمان ئەم هەواڵەلە( ماڵپەڕی دوورگەdwrga.com ) داو لەرۆژی 2010/5/9 دا بەم شێوەیەی خوارەوەبڵاوکراوەتەوەبەنیازی خۆڵکردنەچاوی خوێنەرو سەپاندنی بیری بڕوابون بەجن و جنۆکە.

تیمێکی پزیشکی ئوردنی لەشاری حوسێنی پزیشکی بەهۆی نەشتەرگەری سێ جنۆکەی نێریان لەناو سکی منداڵێک دەرهێناوەکەتەمەنی تەنها /چوار ساڵە/ تیمەکە نەشتەرگەرییە ناوازەکەیان بەسەرکەوتویی ئەنجامداو ئێستا باری تەندروستی منداڵەکە جێگیرە. لەمبارەیەوە (ناجح عوموری) سەرپەرشتیاری ئەندامانی نەشتەرگەریەکە لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند کەئەو نەشتەرگەریەی ئەنجامیانداوە زۆر دەگمەن و ئاڵۆزە، بەڵام تیمەکەی توانیویانە بەسەرکەوتویی ئەنجامی بدەن ، هەروەها عومەری لە لێدوانێکیشدا بۆ ئاژانسی هەواڵی ئوردنی گووتی کە ئەوان سێ جنۆکەی نێریان لەسکی منداڵەکە دەرهێناوەو ئەو سێ جنۆکەیەش یەکێکیان تەواو بووەو یەکێکی تریان نیمچە تەواوبووەو ئەوی سێیەمیان لەقۆناغی گەشەسەندن بوە.

کاکی وەرگێڕو نوسەری ئەو هەواڵە، هەر لەپێناوی ئەوەی کەبەزۆر بیسەپێنێت بەسەر خوێنەری هەواڵەکەدا کەجنۆکە بونی هەیەو ئەوەتا لەسکی ئەو منداڵەدا سێ جنۆکەیان دەرهێناوە، (أجنة) ی عەرەبی کردوە بەجنۆکەو تەمەنی منداڵەکەشی لەچوار ڕۆژەوە کردوە بەچوارساڵ . لێرەدا وا باشە بەو برادەرە بڵێین لەبێخەبران کەشکەک سەڵاوات، خەڵک وان لەکوێو ئێمەش تازەبە تازەبەدوای جنۆکەدا ئەگەڕێین!



**عەبەس ڕۆستەم**

2010/5/12

# کەرکوک دەڵێ بە تەنیایی جێمەهێڵن!

جاران هەموو خواستەکان لەسەر کەرکوک چڕ دەکرانەوە. هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانیش کەرکوکیان کردبوو بە وشەو دروشمی یەکەمیان، بەڵام لەوەتەی ڕژێمی بەعس ڕووخێندراوە، لەوەتەی کورد بواری ئەوەی هەیە هەناسەی ئازادی لە کەرکوک هەڵبکێشێ، هەست بە فەرامۆشکردنی کەرکوک دەکرێ.

فەرامۆشکردنی کەرکوک لەبواری ئاوەدانکردنەوە، لەبواری ئاساییکردنەوەی ڕەوشی داسەپاو، لەبواری گێڕانەوەی ماف بۆ مافخوراو. وێڕای ئەوانەشەوە ڕۆژانە بە بەرچاوی ئێمەوە عەرەبەکانی هاوردە بەیت و باڵۆرەی کەرکوک عێراقیەو هی عەرەبە لێدەدەنەوەو کەسیش پێیان ناڵێ لە پشت چاوتانەوە دوو بڕۆی ڕەش هەیە!

ئەگەر ئێستا گەڕیدەیەک ڕوو لە کەرکوک بکات، زۆر بە ئاشکرا هەست بە داماوی و فەرامۆشکراوی شارەکە دەکات. بەهیچ شێوەیەک ناتواندرێ کەرکوک لەگەڵ شارەکانی دیکەی هەرێم بەراورد بکرێ، نەک هەر لە ڕووی ئاسایشەوە، بگرە لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە، سڕینەوەی تەعریب و دەیان شتی دیکەدا.

ئیستا کەرکوک کەوتۆتە ژێر ڕەحمەتی چەقۆی تیرۆریست و دز و ڕەگەزپەرستانەوە. یەوەتا تیرۆریستەکان دێن و دەمانتەقێننەوە، دەمانکوژن و شارەکەمان وێران دەکەن. دزو پیاوخراپیش دێن بەڕۆژی ڕووناک هەڵدەکوتنە سەر ماڵان و تاڵانمان دەکەن، ڕەگەزپەرستانیش دێن و مۆرکی عەرەببوون لە شارەکە دادەکوتن.

هەموو کەس دەزانێ کە ئێستا تیرۆریستان شاری کەرکوکیان کردۆتە ئامانجی پەلامارو تەقینەوەکانیان. ڕۆژانە کەرکوکیەکان خەڵتانی خوێن دەکرێن، بەڵام بۆچی پلانێکی تۆکمە دانارێژرێ؟!

پۆلیس وئاسایش لەوە تگەیشتوون کە کەسێک ناتوانێ شەوانە بۆ سەعاتێک ماڵەکەی خۆی جێبهێڵێ و سەردانی خزمێک یان نەخۆشێک بکات، چونکە دزەکان دەچن و گەسک لە ماڵەکە دەدەن، ئاخر نازاندرێ چۆن ئەو دزانە هەست دەکەن فڵانە ماڵ چۆڵە و کەسی تێدا نیە؟! ڕۆژانە چەندین ڕووداوی لەو بابەتە لەلایەن بنکەکانی پۆلیس تۆمار دەکرێ، بەڵام بۆچی هەنگاوی بۆ هەڵناگیرێتەوە؟!

ئێستا نەک هەر عەرەبی هاوردە نە چۆتەوە بۆ ئەو شوێنەی لە وێوەی هاتووە، بەڵکو ڕۆژانە چەندین ماڵە عەرەب لە باشوورەوە دێن و لە کەرکوک دادەمەزرێن. دێن و بەرگی عەرەبی لەبەر شارەکە دەکەن، شمشێری عروبە، ئەو شمشێرەی کە هەزاران کوردستانی پێ ئەنفال کرا لە کەرکوک پەیکەری بۆ دەکرێ و کەسیش ورتە ناکات. ئایە کاربەدەستان ناتوانن سنوورێک بۆ ئەو بەعەرەبکردنە دابنێنن؟!

زێدەڕۆیم نەکردوە کە دەڵێم: کەرکوکتان بە تەنیا جێهێشتوە، هەربۆیە ڕۆژانە ئەو گۆرانیە دەڵێتەوە ( بەتەنیا جێم مەهێڵن، ئەمشەو زریان دەمچێنێ!) باشە ئەگەر بە تەنیا جێنەهێڵراوە، بۆچی شەقام و گەڕەکەکانی هێندە ماندوو، شەکەت و لە پیسایی نغرۆ کراون! ئەگەر کەرکوک فەرامۆش نەکراوە، بۆچی حزبە پارەدارەکان سەرمایەگوزاری تێدا ناکەن، باڵاخانەی بەرزو شەقامی سەردەمیانەو پارکی ڕازاوەی بۆ دروست ناکەن؟! ئەگەر کەرکوک بە بەشێک لە کوردستان دادەندرێ، بۆچی هێمنایەتی و ئاسایشی پارێزراو نیە و بۆچی ڕێگە دەدرێ کە بەرگی عەرەبی لەبەر بکرێت؟!

ئێمەی کەرکوکیەکان پێشانمانداوەو سەلماندوومانە کە کوردستانین و دەمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە دەنگداندا درێغیمان نەکرد، لە خەبات و قوربانیداندا کەممان نیە، بەڵام نازانین بۆچی ڕاشکاوانە داکۆکیمان لێناکرێت و بۆچی لە خەمی ئاوەدانکردنەوەو پاراستی ئاسایشی شارەکە دانین؟!

بێگومان هەموو کەسێک دەزانێ کە کەرکوک کلیلی چارەسەکردنی کێشەی کوردە لە باشووری کوردستاندا، بۆیە ئەگەر دەمانەوێ و دەتانەوێ کوردستانی باشوور بە مەنزڵی بێوەیی بگات، دەبێ بوێرانە ئاوڕ لەکەرکوک بدەنەوە. مەردانە لەخەمی کەرکوک دابن و لەهەموو شوێنێکدا داکۆکی لێبکەن و دڵسۆزی بن.

ئەگەر دەتانەوێ چیتر کەرکوک گۆرانی بە تەنیا جێمەهێڵن نەڵێ، تکایە هەر ئەمڕۆ بگەنە فریای!

**قاسم کەرکوکی**